کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-6-2007 14:41 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نێچیرڤان بارزانی و داهاتی ئابووری.. سیستمی سیاسی.. نەریتی ئەخلاقی.. زانست و هونەر.. !! هەڵۆ رانیەیی

بەر لەوادەی تەواوبوونی پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی کورد و، پێش ئەوەی هەر شتێك لەنێوان هەردوو پارتی کوردستانی پارتی و یەکێتی کە پێکهاتەی هەرە سەرەکی حکومەتی کوردین، بەتەواوبوونی وادەی سەرۆکایەتی کە ئستا لەئارادایە خەڵکانێك بەهەر مەبەست و بڕو بیانویەك بێت کەوتوونەتە شرۆڤەیەکی بێ ویژدانانەو کوێرانەو کۆمەڵێك فاکتەری ناشایستەو ناواقیع بینانە دەهێننە بەرباس و هەر وەك ئەوەی راسپێردرابن کێشەو ململانێی پلان بۆ دارێژراو بۆ هەردوو ئەو حزبە سەرەکییە بهێننە ئاراوە و، دیارە دەبێت مەرامیشیان لاوازکردنی حکومەت خۆی بێت، نەك کەسایەتییەکان.. چونکە دەشێت بەم پلانە پێشوەختە ئامادەکراوانە.. ! پێیان وابێت توانایی زەفەر پێبرنی ئەو سەرکردایەتییەیان هەبێت کە بەڕای من مەحاڵ دەبێت جارێکی دیکە بکەونە ژێر کاریگەریەکانی کەسان و لایەنی نێوخۆیی و دەرەکی کە دۆڕاوانە لەئەرزی واقیعدا پاساوی تەندروستیان نییەو لەدژایەتیکردنێکی نارەواو لە ئەنجامی نەبوونی تواناییان لەبەڕێوەبردنی (ڕێکخراوێك، گروپێك، تەنانەت دامەزراوەیەکیش) نەخاسمە باشووری کوردستاندا و.. لایەنە دەرەکیەکەش بەهۆی دژایەتیکردنێکی راشکاوانە بۆ پرۆسەی سیاسی و ئیداری لە هەرێمی کوردستان سەردەستەییان هەڵبژاردووە.. هەڵبەت ئەگەر لەرابردوو توانیبێتان کاریگەرییان بەسەر هەریەکێك لەئەوانەوە هەبووبێت بۆ دژایەتیکردنێکی ناوقیع بینانە ئەوا لەمڕۆدا جگە لە زڕەخەون شتێکی دیکەی لێ وەبەر نایەت.

نێچیرڤان بارزانی ئەو سەرکردە گەنجەی زەرورەتێك بۆ بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێم بە لەخۆبردوویی و ماندوو نەناسانە و بێ وچان هەوڵی هێنانەدی ئەو هەموو ماف و خواست و داخوازیانەو بەرقەرارکردنی ئاشتی و سەقامگیرییە هێناوێتیە ئاراوە، کە ئاواتی هەموو کورد و کوردستانیانە.. نێچیرڤان پیاوی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمەو رابردووشی لەئەداکردنی سەرۆکایەتی ئیدارەی هەولێری بەر لەیەکگرتنەوە ئەوەی سەلماندووە.

بەڵام گەر بەدیقەت و ویژدانەوە بڕوانینە ئەو چەند ساڵ خۆبەڕێوەبردنەی هەردوو ئیدارەی کوردی بەر لەیەکگرتنەوە دەبینین هەنگاوی جدی و گرنگ لەبواری ئاوەدانکردنەوە و بوژاندنەوەی کوردستان بەتایبەت ئیدارەی هەولێر کەمەبەستی سەرەکی من لەسەرۆکایەتی نێچیرڤان خۆی دەبینێتەوە نراوە.. ئەو پیاوە لەساڵانی 1996و1997ئەرکی گران و هەرە گرنگی دەستپێکرد و رۆڵی هەرە سەرەکی لەبەرقەراری و سەقامگیری ئاسایشی هەرێمدا بینی، کە لەسایەیدا ئاسودەیی بۆ تاکی کورد فەراهەمکرد.

نێچیرڤان بارزانی باش دەزانێت شتێك بەناوی پێشکەوتن بەوجود نایەت ئەگەر پێشکەوتن لەبواری ئابوورییەوە سەرچاوەنەگرێت.. کەواتە هەوڵ و هەنگاوی دینامیکیەتی بۆ بنیاتنانی ئابوورییەکی پتەو هەروەك ئەوەی لەولاتانی دیموکراسی و پێشکەوتوودا گرنگی کەرتی تایبەت رۆڵی لە پێشوەچوون بینیبێت ئەوە نێچیرڤان بارزانی، حکومەتی هەرێمی لەسەر سیستمی کەرتی تایبەت ڕێکخست و.. بووەتە سەرەتایەکی گرنگ بۆ بازاڕی ئازاد. ئەو دەست پێشخەربوو و توانی پیاوانی خاوەن قودرەتی ئابووری بەهێز رابکێشێت و سەرمایەگوزارییان پێ بکات.. کەئەمەش دەبێت بەبنەمایەکی تۆکمە بۆ بەرەو پێشوەچوون لەپێناو ژیان و ژیانێکی جوانترو باشتر.. بۆیە ئەم سەرۆکە بەو بەرچاو روونییەی، ئەو گەنجە سەرکردەیە وەکو سەرۆکێکی لێهاتووی جیهانی دیاریکرا کەمایەی شانازی کوردە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نێچیرڤان ئەو سەرۆك وەزیرانەی سیستمی حوکمڕانێتی کردنی ئاسۆیی پێڕەوی لێدەکات و، توانیویەتی لە ئەداکردنی پیشەیی سەرۆکایەتی خۆیدا بەدوور لەپاوان خوازێتی و بێ جیاوازیکردن لەنێوان دەستەی وەزیراندا کەلەواقیعدا و بەڕووە زانستییەکەی گوزارشت لەسیستمی سیاسی وڵات دەکات، جیا لەوەی ڕاگری هاوسەنگی نێوانیان بێت، شێلگیرانە هەماهەنگیەکی تەواوی هەمووان دەکات و دەسبارێکی کاراشە لە کاراترکردنی ئەدای کاری هەر یەکێکیان.. چونکە پرەنسیپی بەرژەوەندی گشتی بەلاوە باڵاترە و هەر ئەمەشە وایکردووە سەرکەوتوو بێت. بمانەوێت یان نا ئەخلاقی سەرۆك ڕەنگدانەوەی تەواوی بەسەر حکومەت و ئەدای کارییەوە دەبێت.. هەر بۆیەشە بەرەچاوکردنی ئەخلاقی کاری پیشەیی خۆی توانیوێتی خاوەنی ئەو پێگە ئیداری، سیاسی، کۆمەڵایەتییە.. تد، بێت کەوا کارکردن بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و شارستانی لەبەرنامەی کاری خۆیدا ئامانجی بێت و.. بەیەك چاو بڕوانێتە تەواوی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کورد.

هەر وەك ئەوەی لە بەرنامەی کاری حکومەت نیشانی دا و ئەگەر بمانەوێت بەراوردی بکەین بەتایبەت لەبواری پرۆسەی پەروەردەو خوێندنەوە و گرنگیدانی بە لایەنی زانستی، دەبینین چۆن پێداگیری لە گۆڕان بەئاراستەی هەنگاوی سەردەمی و گونجاندنی لەگەڵ ئەقڵی نوێ ئەو ئازادیەی وەبەرهێنا کە لە زانکۆکان و ناوەندەکانی دیکەی خوێندن خۆی دەبینێتەوە.. ئەمەشی بۆ زیادبوونی زانست و مەعریفە و گرنگی و گەشەی ئەقڵ برەو پێداوە، کەمەبەستی سەرەکیشی بۆ جارێکی دی بنیاتنانەوەی کۆمەڵگایەکی تەندروست و پێشکەوتووە.. گرنگی ئەو سەرۆکە گەنجە بۆ بواری هونەریش بەهەموو رووەکانیەوە حاشا هەڵنەگرەو کارێکی وایکردووە کوردیش وەکو میللەتێکی خاوەن هونەرێکی تا رادەیەك سەردەمی شوێنێك لە جیهانی هونەر داگیر بکات.. ئەمانە رەگەزی سەرەکی و گرنگی ئەو حکومەتەن کە سەرکردەی گەنج و خاوەن شارەزاییکی کەم وێنە لەم قۆناغە نوێ و قورسەدا هەنگاوی زیاتر لەسەرەتایی و گرنگی بۆ ناوە.. ئەمە لەکاتێکیشدایە کە ئەرکی حکومەتی نوێ و یەکگرتوو گرانترە.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیوێتی لێهاتوانە کاروباری وڵات بەڕێوەبەرێت و هەر ئەو ئەدایەشێتی وایکردووە بەدیلی نەبێت.

دەکرێت دەرفەت بدەین و زەمینەیەك برەخسێنین بۆ ئەو پێشەنگانەی کە لەواقیعدا دەبن بەمایەی هێنانە ئاراوەی سیستمێکی دیموکراسیانەی حەقیقی و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و سارستانییەتێك وەك ئەوەی لەرۆژئاوا بەرقەرارە و خەونی هەمووانە پێی بگەین.. چونکە دەبێت لەبیرمان نەچێت ئەوەی بەردی بناغەی دیموکراسیەتی ئەورووپای دانا تێکۆشانی نەپساوەی پێشەنگەکانی کۆمەڵگاو فەرهەنگی سیاسی کەئاکامی ئەزموونە تاڵەکان بوو، کە لەپرۆسەیەکی دوورو درێژدا گەیشتن بەو ئاواتانەی لەبیرو زەینی گشتیدا پەنگیان دەخواردەوە.. لەلایەکی دیکەوە کاری بێ پسانەوەی بیرمەندانی کۆمەڵگاکانیان بوو بەدۆزینەوەی میکانیزم گەلێك بۆ دانانی بنەماکانی ئەندێشەی دیموکراسی.. بەڵام بەکردەوە.. دڵسۆزانە!! چونکە پێویستە نەوەی نوێ بەتایبەت باش بزانن هەموو ئەو کێشەو بەدبەختییەی رووبەڕووی تاکی کورد بوونەتەوە دەرەنجامی سیاسەتی درێژخایەنی رژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراقی بوون، بۆیە بەرۆژێك و دووان و هەوڵ و هەنگاوی گەورە و پێشەنگەمان نەبێت لانی کەم کەم ناکرێنەوە.. بەڵکو بەپرۆسەیەکی دینامیکی و بەردەوام و بە هەماهەنگی و هاوکاری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە دێتەئاراوە. کەچی زۆرێك لە رۆشنبیرانی کورد لەبری دەسبارییان بە پرۆژەکانیان لە پێناو دۆزینەوەی میکانیزم بۆ کەمکردنەوەی هەندێ لەو بارگرانییەی لەئەستۆی حکومەتدایە، کەوتونەتە رەخنەگرتنی نەشیاوو نابەجێ و دژو دۆشاویان تێکەڵ بەیەکدی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

كردووە و.. !! كە دواجار دەبن و هەروەكو ئەوەی بوونەتە مایەی چەواشەكردنی رای گشتی و زۆرتركردنی ئازاری دەروونی هەم خۆیان و هەم خەڵكیش.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.